# ئەو یادداشتەم خوێندەوە

**ک.ج - هەڵوەدا**
**(بۆکان)**

ئەو یادداشتەی "م. عەزیزی مەلای ڕەش"م خوێندەوە کە بە ناوی «ئەو کتێبانەم خوێندەوە» لە ژمارە ٢٥٧، لاپەڕەی ٨٣ تا ٩٣ی گۆڤاری ڕامان چاپ کراوە. مەبەست لەو کتێبانەش «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ـە.

**یەکەم:** م. عەزیزی مەلای ڕەش یەکەم کەس نییە پەی بە نرخی لە ڕادەبەدەری ئەو کارە پیرۆزەی فەرهەنگنووس سەڵاح پایانیانی بردبێ. یەکەم کەسیش نییە یادداشتی لەسەر نووسیبێ و دڵنیاشم دوایین کەس نابێ و خۆزگە دەیان کەسی دیکەی بەدووودا بێ و قەڵەمە ڕاستەقینەکانی سەنگی مەحەکی ئەدەبیات و وێژەی ئەو گەلە هەر لەگوڕ بن.

**دووەم:** ئەگەر یادداشتەکەی م. عەزیزی مەلای ڕەش لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبی، بگرە لە چوارچێوەی ئەو بەرهەمانەدا بوایە کە لاپەڕانی لێ هەڵداونەوە، قەتم بە پێویست نەدەزانی ئەو دێڕانە ڕەش کەمەوە، بەڵام کە بۆچەکی ڕەخنەی ڕووخێنەر دێتە گۆڕێ، ناچاری وەک خوێنەرەوەیەک کە لایەکی دڵت دەگەڵ ئەم فەرهەنگانە لە ترپەیە، بۆ بەرچاوڕوونی باقی خوێنەرانی هاوڕێشت بێ، ورتەورتێک هەر بکەی.

**سێیەم:** ئەو بەرهەمانەی لێرەدا قسەیان لەسەر دەکرێ، ناویان «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ـە، موکریان کوێیە؟ لە ڕووی جوگرافیاوە هەرچەند سنووری بە بست دیاری نەکراوە، بەڵام بەگشتی ناوچەیەکی هەراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نێوان شارەکانی بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، سەقز و میاندواو دەگرێتەوە و لە کۆنەوە چەندان عێل و عەشیرەتی گەورەی تێدا نیشتەجێیە. لە ڕووی ئەدەبیات و وێژەوە بە ڕای خاوەنڕایان ناوچەیەکی زۆر بەپیت و بەرەکەتە و زمانی پیرۆزی کوردی لەوێندەرێ بواری هەناسە و گەشەی گەرموگوڕە. بەکورتی ئەو بەرهەمانەی لێیان دەدوێین ڕەگاژۆیان نەکردووەتە ئامەد و قامیشلوو و هەولێر و...تاد هەر ئاوێنەی باڵانوێنی وێژەی زارەکی ناوچەی موکریانن. بەو حاڵەشەوە هێشتان لە ڕبە و کیلە نایەن و ئەگەر سێرەی دیدە و تەوژمی جەستەی(١) زانایانی ئەو گەلە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەبار بوونایە بێ گومان کۆکۆی ئەم خەرمانە لە ژمارە نەدەهاتن و بارتەقای نەوەت بەرگانی دەکرد و لەشکری پێ دەویست هەڵیگرێتەوە.

**چوارەم:** کاک سەڵاحی دانەری ئەو فەرهەنگانە - وەک من بیستبێتم - نە مامۆستایە و نە حەزرەت و نە داخوازی پەیکەر و مەیکەر! بەڵکو کوڕەکوردێکی سادە و سەرزیندوو و دڵ وریایە و بەس؛ بۆیە منیش لەم وتارۆکەدا لە «کاک»ی زێتر وەپێش نادەم و دەشزانم

دڵگران نابێ؛ چونکە ئەو ساڵە گەنجییانەی کە لە پێناوی ئەم پرۆژە پیرۆزەدا تواندوونییەوە، بە سەتان وشەی لەگوێن حەزرەت و مامۆستا و چشتی لەم بابەتە پارسەنگی نایە و کەم کەس وەک ئەو بە پێگەی وشان ئاشنایە.

**پێنجەم:** سەرچاوەکانی ئەو پرۆژەیەی نووسەر ڕوون و ئاشکران و شاراوە نین. لە عەرزییەوە هەڵنەقولاون و دەگەڵ باران و تەرزە دایاننەکردووە. زمانی بێخودانی کوردی هەزاران و هەزاران ساڵە لەو دۆڵ و دەرە و گەلی و چڕ و بەندەن و بژوێنانەدا لە ناو دڵ و بە سەر زاری باب و کالی ئەو نەتەوەیەوەیە و لە هەمبەر هێرشی دڕندانە و لەشکری کێوماڵکەری بێگانەش نسکۆی نەداوە و هەر قیت وەستاوە و بە دەستی خاڵی و پێی پەتی هەتا سەدەی نوێ و سەردەمی سنعات و مۆدێرنە پەلی کێشاوە، بەڵام لەم سەدەیەدا و لەم سەردەمەدا کە تەنانەت کەرامەتی عەرز و عاسمانیش کەوتوونەتە بەر تەوژمی زەبروزەنگی ڕۆژگار و ئینسانییەت بە هەموو شاخ و باڵیەوە گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی؛ ئاشتەباکانی مرۆڤیش لە داڕووشان و داڕمانن. لەم ناوەدا زمانی پیرۆزی کوردیش وەک تاقانە سامانی زیندووی ئەو نەتەوەیە بێ خاوەن ماوەتەوە. بیرمەندێک دەڵێ «کلۆڵتر لە پیاوی بێ نیشتمان، نیشتمانی بێ پیاوە!»، مخابن ئەوە لە زمانی کوردی ڕووی داوە. زمانی پیرۆزی کوردی نیشتمانی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردە و نەک هەر لە شەش لاوە جەڕەبابە دراوە، بەڵکو کرمی ناوخۆش لە کرۆشتن و نەهێشتنی بەدەست و بردن. سەرچاوەکانی ئەو پرۆژەیەی کاک سەلاح ئەو پیرەپیاو و پیرەدایکانەن کە هێشتا بای سەموونی سەردەم نەیئەنگاوتوون و زەوقی کوێر نەکردوونەوە و هێشتاکە لە لای وان «دوڕ و گەوهەر دەبارێ لەو زمانە شیرنەی کوردی».

## با داگەڕێمە سەر یادداشتەکەی م. عەزیزی مەلای ڕەش:

**یەک:** ڕەخنەگر لە بەرایی یادداشتەکەیدا تەما دەخوازێ هەتا کاک سەلاح لە کۆڕی ژیاندا ماوە هیچ تەگەرەیەک بەری ملی نەگرێ و مل بە ئاستەمیش بۆ شتی تر لار نەکاتەوە! نازانم لە هەولێر چۆنە، بەڵام لێرە، لە موکریان، تەگەرە دێتە سەر ڕێ و بەری ملی کەس ناگرێ! دەنا ئەو کەند و کۆسپانەی هاتوونەتە سەرەڕێی کاک



عەزیزی مەلای ڕەش

سەلاح لە گێڕانەوە نایەن و هەر ئەوەندە بەس کە بگوترێ لەم سەودایەدا تەمەنی تواندووەتەوە. ناشزانرێ مەبەست لە شتی تر چییە کە تەماخوازە ملی بۆ لار نەکاتەوە؟! داخۆ جگە لە زمان و وێژەی کوردی و کەرامەتی کورد، شتێکی دیکەش هەیە شایانی ئەوە بێت مرۆڤێکی کوردی لەگوێن ئەو ملی بۆ لار کاتەوە؟ ئەگەر هەیە هیوادارم م. عەزیزی بەڕێز پێمان بناسێنێ، بەڵکو کاک سەلاحەکان ڕەنجی بێهوودەی فەرهادی نەکێشن و خەسرەوێک بن لەسەر کەیفان و ژیانیان نەدەن بەدەم باوە.

دواتر م. عەزیز داوا دەکات کاک سەلاح نەیخاتە ژێر باڵتەی غەزەبەوە! ئەگەر لە ئایین لا نەدەین هەر دەبێ بۆ لەشکر و تابوورەی نووسەر لە چەک و چۆڵدا ڕەشی هەڵگەڕاندوون و قامکی دۆشاومژەی پێ لەسەر پەلەپیتکە داناون، داوای لێ بکرێ قینی ڕەشی بخواتەوە و دەنگیان نەدا کە لێدەن!

دواتر ئەو مەتەڵە دێرینە هەڵدەدات کە گۆیا نووسەر تەنیا لە شار ژیاوە و ئاگاداری لادێ و کاروباری وێ نەبووە و ئەم کالایە لە بالای وی ناکالێتەوە، بۆیەش هەڵەی تێ کەوتووە! لەسەر ئەو حیسابەی م. عەزیز پسپۆڕەکانی «ناسا»، چونکە لەسەر مانگ و ڕۆژ و باقی گۆیەکانی تری وێڵی بۆشایی نەژیاون، ناشێ باسی وێندەرێ بکەن، «مۆریس مێترلینک» کە تاق سەعاتێک

دەگەڵ مێرووله نەچووه دە کونێوە بێجێ دەکات داڵانە و داڵان لە سەریان دەڕوات! «بتهۆڤن»ی کەڕ مافی چییە سیحری سەمفۆنییەک دارێژێ کە بۆخۆی نایبیستێ؟! «ئەبوعەلای مەعەڕڕی» بە کوێرەکوێرە چ ڕێی دەکەوێ گومان لە بوون و نەبوون بکا؟ «ستیڤن هاوکینگ» جوان دەتوانێ دوو شەقاو لەو سەر زەوییە هەڵێنێتەوە کە گەڕی لە گەردوون هاڵاندووە؟ ئەوانە هەمووی سەرەڕای ئەوەی باری گۆڕانی ژیان لە دیوی گوندنشینییەوە بۆ شارستانییەتی و شارنشینیی سەردەم هێشتا لە کوردستانی ئێمە لە دارەدارەدایە و گوند و شار هێشتاکو جووتیان لێک دەگەڕێتەوە!

**دوو:** ڕەخنەگر بەر لە هەموو شت دەڵێ «زۆریی هەڵەی ئیملایی هەر لە باس نایەت» (ل: ٨٣). ئەزقەزا منی نووسەری ئەم وتارۆکە لە دەرگەدانی ئاشنایەتیم لەگەڵ نووسەر بە دۆزینەوەی چەند وردیلە هەڵەی ئیملایی لە بەرگێکی فەرهەنگەکانیدا دەستی پێ کرد، بۆیە لەوسەری دێمەوە! ئەوکاتەی بۆ یەکەم جار خودا خوێندمیەوە و بەرگی یەکەمی فەرهەنگی زارەکیی موکریانم وشە بە وشە لەگەڵ گیان تێکەڵاو کرد، پێش ئەوەی تەنانەت دەستخۆشییەکی وشکوبرینگ لە کاک سەلاح بکەم دانیشتم و لە تەنیایی خۆمدا، وەک ئەرکی شەیدایەکی زمانی کوردی، ئەوەندی سەوادی منداڵۆکانەم بڕی دەکرد هەڵە ئیملاییەکانم دیاری کرد، جا ئەمجار لە ڕووم هەڵهات بە ئەسپایی بسرتێنمە گوێی «ئەو فەرهەنگەتم خوێندەوە»! هەرچەند یەزدانی مەزن لە حەواوە ئاگادارە هەڵەکانی ئەوەندە نین لە باس نەیەن، بەڵام نە منی خوێنەرۆکە و نە نووسەری ئەم فەرهەنگە و نە هیچ نووسەرێک نەک هەر حەقی ئەوەی نییە لەسەر دیاریکردنی هەڵە و ڕاستەوپاستەکردنەوەی بەڕاستیی کتێبێک بداتە باری غەزەب، بەڵکو دەبێ مەمنوونی هەڵەچن بێت. تا وێستاکەش لە نووسەرم نەبیستووە ئەو فەرهەنگانەی بەبێ هەڵەوپەڵە دانابێت، هەر کەس دوو پیت و لەتێکی خوێندبێت، دەزانێ کە تەنیا فەرهەنگێک بێ هەڵەیە وا هێشتاکە نەنووسراوە. دەنا فەرهەنگ نییە بێ هەڵە و بێ کەموکووڕی بێت، فەرهەنگ نییە کامڵ بێت؛ مەگەر ئەو زمان و ئەو سەرچاوانەی پێی دەئاخڤن سەرپاکی بشۆڕێنەوە و زمان لە زاوزێی وشان بکەوێت، ئەگینا فەرهەنگ دەبێ هەر بێت و لێی زیاد کرێت و هەڵپەرتێوترێ و شەنوکەو کرێتەوە، ئەوەش نەک هەر ئەرکی نووسەر و دانەری فەرهەنگە بەتەنێ، بەڵکو ئەرکی هەموو ئەوانەیە وا سەریان لە گرێیەکی زمان دەردەچێ، ئەو زمانەی نیشتمانی تاقانەیانە، واتە لە بانگهەڵدانی ٢٦ هەڵە (بە زاری مامۆستا بێت، دەنا من لە درێژەی وتارۆکەمدا باسیان دەکەم چن) لە پێنج بەرگ فەرهەنگی زارەکیی موکریاندا، کە دەکەنە ٢٧٦٠ لاپەڕە، هیچ فەتحێک نییە، بگرە دەبێ مایەی دڵخۆشی بێت بۆ دانەری ئەو فەرهەنگە کە هێندە پوخت و پاراو دەرچووە.

**سێ:** فەرهەنگی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان

م. عەزیز بۆ کتێبی دوو بەرگیی «ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان» هەر قنیاتی بە بەرگی یەکەم کردووە و ڕەنگە بەرگی دووەمی هەر نەشدیبێت. لەسەر بەرگی یەکەمیش دەفەرموێ: «خۆم لە قەرەی دارشتنی چیرۆکەکان هەڵنەسوویە کە هێندێکیان بێ هێزییان بەخۆوە گرتووە» (لاپەڕەی ٨٣ی ڕامان). چ وێ ناچێ مامۆستا هەر لە بنەماوە لە ڕەوتی دارشتنی ئەو فەرهەنگە بەئاگا بێت، چ جای چیرۆکەکانی ناوئاخنی! ئەم فەرهەنگە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی؛ «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»؛ واتە ئەوەی جەنابیان خۆ لە قەرەی نادات لە زار و زمانی دایک و بابانی موکریان وەرگیراون و نووسەریش وەک ئەمینێک ڕایگوازتوون، تەنانەت مافی ئەوەی بە خۆی نەداوە دێڕیان لێ زیاد و کەم بکات. ئەو لێرەدا بەر لەوەی نووسەر بێت، شوورەی قەڵایەکە بەری ڕەشەبای ڕمێنەری چەرخوخولی دەورانی گرتووە کە ئەو سامانە لەگەڵ خۆی ڕانەدات. ئەگەر فەرهەنگنووس وەک نووسەرێک خەمی لە عەیبوعارگرتنی ڕەخنەگران خواردبایە و بە ڕەوای زانیبایە بە جێی ئەوەی بۆ نموونە پێنج ڕیوایەت لە کایەیەک (حەقایەتێک سەلەم بوو) تۆمار کات، بە ناوی بێژەرەکانیشیانەوە، دەهات تێکی دەئاڵقاندن و دەقێکی بێگرێ و پەسندتری لە هەر پێنجیان پێک دێنا و بە قەولی مامۆستا چیرۆکێکی بەپێزی لێ دادەڕشتن! لە بەرگی دووەمدا حەوت چیرۆکی تێدایە کە بە دوو، یان سێ ڕیوایەت تۆمار کراون. ئەگەر مامۆستا زەحمەتی چاوخشاندنێک بەسەر پێشەکی بەرگی دووەمی «ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان»یدا وەبەر خۆی نابایە، کەڵکەڵەی کاک سەلاحی زۆر جوان بۆ ڕوون

دەبووەوە؛ لەوێدا دەڵێ: «ئەدەبیاتی زارەکیی منداڵانی موکریان، نە دەقێکی داهێنەرانەیە، نە کتێبێکی فێرکاری، بەڵکو کتێبێکە بۆ خستنە ڕووی هێندێک دەقی فۆلکلۆری بۆ پاراستنیان لە فەوتان و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتێکیش بۆ نووسەران و توێژەرانی بواری ئەدەبی منداڵان کە لەسەری بنووسن و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بخەنە بەرچاو. دەقەکان بکەن بە بنەما و سەرلەنوێ بیاننووسنەوە، یان بیانهۆننەوە. ئەگەر بۆخۆم سەربەخۆ دەسکاریی دەقەکانم کردبا، هەر بەئاشکرا لادان لە چوارچێوەی زانستیی کۆکردنەوە دەبوو...»

**چوار:** مامۆستا عەزیز دوای بەرایی یادداشتەکەی هەر لە بیسمیللاوە شیری لە فەرهەنگۆک هەڵکێشاوە و تێکەوتووەتە نێو وشانی ئەوێندەر. بەر لەوەی بچمە سەر وشەکان، پێویستە بگوترێ فەرهەنگۆک بەشێکی زیادە و پاشکۆیەکی بەناچار پێوەلکاوی کتێبانە کە بە ناشوکری ناڵێم لە سەقەتیی سەوادی خوێنەرەوەی ئێمەومانانی کوردەوەیە کە بە پێویست دەزانرێ چنگەوشەی وا ساکار بە کلکی کتێبانەوە ببەسترێ. مامۆستا عەزیز تەنیا و تەنیا بەو زیادەیەوە نووساوە و خۆی لە قەرەی چیرۆکان نەداوە! ئەویش لەسەر هەندێکیان زۆر سەختگرانە هەڵسوکەوتی کردووە و پێم وایە ئەگەر مەبەستی مامۆستا تەنیا هەڵەچنی و ڕەخنەگرتن لەم بوارە و بەو شێوەیە بوایە - کە هیوادارم وا بێت - ئەوە لە نێو ئەو حەمکە پێخۆرە ڕەخنەیەی کتێبانی سەقەتی چاپکراو لە باشوورەوە قەت ئاودیوی ڕۆژهەڵات نەدەبوو و نەدەپەرژایە سەر ئەم کارە!

**یەکی چوار:** کاک سەلاح بۆ وشەی «پێچەوانە» نووسیویەتی «بەرعەکس»، مامۆستاش دەفەرموێ ئەوە هەڵەیە و دروستەکەی «بەعەکسەوە»یە! جیرانەتیی زمانی کوردی لەگەڵ فارسی و عەرەبی وای کردووە ڕۆژهەڵاتییەکان سەریان لە کوردیی لە عەرەبیدا خنکاوی باشوور سوور بمێنێ و باشوورییەکان بە کوردیی لە فارسیدا شێواوی ڕۆژهەڵاتییەکان موعجیب بن! بەڵام کەس ناتوانێ بەری دزەکردنی زمانە سەردەستەکان بۆ نێو زمانە ژێردەستەکان بگرێ و ئەو ڕەوتەش هەر دێ و تەشەنە دەستێنێ. «بەرعەکس» دایکی لە هەر کوێ بێ، بۆخۆی لە فارسییەوە دزەی کردووەتە نێو کوردی لە بەری ڕۆژهەڵات و لەوێ بۆ کەس نامۆ نییە. مامۆستا دواتر دەفەرموێ دەبوو بنووسێ «بەرەواژی»! ئیرادی مامۆستا لەسەر «بەرعەکس» و دروستنواندنی «بەعەکسەوە»، وەک ئەوە وایە من لێرەوە بڵێم «بەرەواژی» هەڵەیە و «بەراوەژوو» دروستە! چونکە لە موکریان ئەگەر بڵێی «بەرەواژی»، دەبێ کلیلێکی دیکەشی بۆ دانێی هەتا لە ماناکەی تێبگەن.

**دووی چوار:** بۆ وشەی «دووگ» کە لە فەرهەنگەکەدا نووسراوە «ئەو کۆمەڵە چەورییەی کە کەوتووەتە پشتەوەی مەڕ و بەران» (فەرهەنگ، ل:٥)، مامۆستا دەفەرموێ «لەسەر پشتی حوشتریش هەیە و باس نەکراوە»! نەدەبوو مامۆستا ئەو بارەی لە فەرهەنگۆک نابایە، فەرهەنگۆک لە بنەڕەتدا ڕوونکردنەوە و ڕانانی مانای مەبەستی ئەو وشانەیە کە لە دەقەکەدان، نەک هەر مانایەکی فەرهەنگی وشان لە خۆی گرتوون. ئەم چیرۆکە باسی مەڕ و بزن دەکات و بزنیش دووگی نییە. من بم دەڵێم کاک سەلاح بەرانیشی لە زیادی لەوێ خزاندووە. دەنا خۆ بەو حیسابە بەرخ و کاوڕ و شەک و بەردیلش دەبوو ڕەپێچەک درێنە وێ!

**سێی چوار:** مامۆستا دەفەرموێ «تیتلە و بیبلە» لە فەرهەنگەکەدا «تیتبل و بیبل» نووسراوە! کە دیارە چاکیشی لێ ورد نەبووەتەوە؛ چونکە لە کتێبەکەدا «تیتل» نووسراوە نەک «تیتبل»! بەدوویدا دەفەرموێ «من شەست ساڵە چەندان جار بە تیتلە و بیبلەم بیستووە»، بەڵام نافەرموێ لەو شەست ساڵەدا چەند جاری ناوی لادێییەکی موکریانی بەر گوێ کەوتووە کە ئەم چیرۆکانە لە ماڵە قوڕینەکانی ئەوێندەرێ دەسکەنە کراون نەک لە ژینگەی مامۆستا عەزیز.

**چواری چوار:** بۆ وشەی «کاریلە» دیار نییە بە چ حیسابێک دەفەرموێ دەبوو بنووسرابایە «کار»؟! ئەو زانیارییە زیادییەی لەسەر ئەم وشەیە لە مەنتیقەی هەولێریشی لێ زیاد کردووە، هەرچەند بوونی زەڕی نییە بۆ پەز، بەڵام هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە باسەکەوە نییە. هەر بۆخۆی دەفەرموێ «کار و بەرخ هەتا دایکیان بمژن کار و بەرخن، لە دەڤەری هەولێر تەمەنی کار و بەرخ لە سێ مانگ هەتا شەش مانگ دەخایەنێت، بۆیە منیش شەش مانگم بۆ تەمەنیان داناوە»! (ڕامان، ل:٨٤) دەی کاتێک دەفەرمووی سێ تا شەش مانگ، یانی چوار و پێنجیشی تێدەکەوێ، ئەدی بە چ حیسابێک تەمەنیان دەکەیە شەش مانگ و لەولاوە دایدەنێی؟! ئەی ئەگەر هەر تا چوار مانگ دایکی مژی، تەمەنی «کار»یەتی چ

لێدەکەی؟

**پێنجی چوار:** بۆ وشەی «قایش» دیسان دەستی بە هەنبانەی وشەی هەولێری خۆشەویستدا کردووە و دەفەرموێ لە هەولێر پێی دەڵێن «هیرتە» و «وێژە»! دواتریش هەر لە درێژەی ئەو وشەیەدا پێدا هاتووە و «دارخەزنە» و «بۆسە» و «بەربۆسە» و «گاینجە»ی لە مەنتیقەی هەولێر یەکالا کردووەتەوە. ئەو زانیارییانە زۆر باشن، بەڵام لێرەدا کلیلێکن لە هەوا و هیچ قوفڵێک ناکەنەوە! واتە زیادەن و پێوەلکێنراون و زیاتر خۆڕانانی نووسەر دەنوێنی بۆ نواندنی وشەکانی ناو مێشکی. بەزیاد بن! لێدوانی لەسەر وشەی «مریشکە قوڵە»ش هەر بە هەمان شێوەیە و لێی دەگوزەرێم.

**شەشی چوار:** بۆ وشەی «کشپەڵ» کە مامۆستا بە «کشپڵ»ی هاتووەتە بەرچاو «پاشەڕۆی مەڕ و بزن و وشتر»ی بەدڵ نەبووە و دەفەرموێ «پاشەڕۆ – پاشەڕۆک» بۆ پاشماوەی بێستان و کشتوکاڵ دەست دەدات. ئەوەی مامۆستا دەیفەرموێ، لە موکریان «پاشەڕۆک»ـە، بە «ڕ»ێی کزەوە، نەک قەڵەو! ئیدی مەگیم لە هەولێر ئاهێکی هاتبێتەوە بەرەخۆ!

**حەوتی چوار:** بۆ وشەی «حیلاندن»، کە دەفەرموێ «بارگین دەڕەتا و توانستی حیلاندنی نەدەما»؛ چۆن وا بە دڵنیاییەوە بارگینەکەی کاک سەلاحی هێندە ڕەتاندووە کە حیلەی لێ بڕیوە، مەگیم هەر خۆی و خودای بزانن! هەروەها بۆ وشەی «ماین» ماناکەی فەرهەنگنووسی بەدڵەوە نەنووساوە کە «ئەسپی مێ»یە و بە هەڵەیەکی زەقی لە قەڵەم داوە و کردوویەتە «لە توخمی ئەسپە، بەڵام مێیە»! وەک ئەوە وایە بڵێی بۆ ماناکردنەوەی وشەی «ژن» دەبێ بێژی «لە توخمی پیاوە، بەڵام مێیە»! ئەوانە لەولاوە بوەستێ؛ بەڵام مامۆستا عەزیز دەبێ لە ئێمەومانانی تێکەڵ ئەو سەردەمە شپرێوە ئەغیارتر بێت کە ئەم شێوە بە دەرزی کێلانانەی ئەو، بۆ کاری تۆژینەوە لەسەر یەک بابەت، یان یەک شیعر و یەک چیرۆک دەبێ کە بە هۆی لێڵ، یان چەندپاڵووبوونی مانای وشە و ڕستەی، کۆی بابەتەکەش مانای جۆراوجۆر هەڵگرێ و هەرکەس بە خەیاڵ شتێکی لێ هەڵدا؛ وەک شیعری «شۆرەکات»ی «ئیلیەت» و ڕۆمانی «کوندەکوێر»ی «هیدایەت»، یان تاقە بەیتێکی «حافز» کە دەڵێ «عشقت رسد به فریاد ور خود بسان حافظ/ قرآن زبر بخوانی در چهارده روایت» کە لێکدانەوە و ڕەخنە لەسەر لێکدانەوەی لێ کەوتووەتەوە و ئێستاش بەتەواوەتی خۆی هەر بەدەستەوە نەداوە، بەڵام بۆ مانا لێکدانەوەی وشەی ناو چیرۆکەڵەیەکی ڕوون و سەرزارانی منداڵانە چ حەوجێ بەو هەموو سەنگوسووژندانە دەکات؟ ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵان دەگێردرێنەوە و لە ماناکردنەوەی وشان بۆ منداڵاندا درێژدادڕی و دەرخستنی ڕەگوڕیشەی وشان ڕەوتێکی ناپێویستە.

**هەشتی چوار:** بۆ وشەی «گێرە» مامۆستا دەفەرموێ «وردکردنی دەغڵودان» هەڵەیە و دەبێ هەر «وردکردنی قرشە و گیا» بێ! نەدەبوو م. عەزیز لانی کەم چاوێکی بە چیرۆکەکەدا خشاندبایە و بیزانیایە کێیە و لە کوێ و چلۆن لە گێرە گیراوە؟! لە چیرۆکەکەدا دەڵێ «ڕێوی ماوەیەک گەڕا، تووشی کابرایەک بوو، کابرا گێرەی هەرزنی دەکرد» وەک پێشتر باسم کرد فەرهەنگنووس ئەمانەتداری بێژەران بووە، نەدەکرا وەک فلان مامۆستای مەزنی کورد «هذا طریق العاشقین»ی مامۆستایەکی تر بکاتە «ئاوایە ڕێگەی عاشقان»؛ چونکە بۆخۆی پێی خۆش بووە وابێت! ئەگەر کابرای ناو ئەم چیرۆکە بە کەیفی م. عەزیز گێرەی کردبا و ملی نابا لە «گێرەی قرشە و گیا بە زەبری باڵتە و جەنجەڕ و سمی وڵاغ»، دەبوو فکرێکیشی لە حاڵی مام ڕێویلە بکردایەتەوە کە خۆ لە چیدا بگەوزێنێ و چی پێوە بنووسێ بیباتەوە بۆ مریشکەقوڵە؟! خۆ مریشکی موکریان قەتیان کاوێژی مەڵۆی قرشە و گیا نەکردووە! (بۆ وشەی «جەنجەڕ»یش کە مامۆستا عەزیز ئیرادی لێ گرتووە، هەر ئەم کۆپلەیەی هەشتی چوار جارێکی دی بخوێننەوە!)

**نۆی چوار:** بۆ وشەی «بەران» و «نێری»ش هەمیسان ڕەخنەگر وەک تۆژینەوە لەسەر بنجوبناوانی وشان و خستنە رووی کۆڵێک زانیاریی ڕۆیشتووە کە ئەوەندی بەکەڵک بن، ئەوەندیش نابەجێ دەبن، ئەگەر بۆ ماناکردنەوەی وشەیەکی ناو چیرۆکێکی منداڵانە دەپاڵ کتێبێک کرێن. با وەک سەرچاوەیەکی قایم هانا بۆ زانیارییەکانی مامۆستا عەزیز بەرین و بزانین ئەگەر بۆ ماناکردنەوەی «بەران» لە کتێبێکی وادا، بە شێوەیەکی گشتی نەڵێین «مەڕی نێر» ئەدی قوڕی کوێ بکەین بە دەرخۆنە؟! خۆ خشتە داڕێژراوە ڕێکوپێکەکەی مامۆستاش نە «بەران» و نە «نێری» نەغد بە دەستەوە نادات، بەڵکو دەبێ لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا چوارساڵانی لە دوو دەی و مەودا بە مەودا نێوی لێ

بگۆڕی! (بڕواننە خشتەی لاپەڕە ٨٦ی ڕامانی ژ ٢٥٧) ئەوە بۆ ماناکردنەوەی دوو وشەی ناو چیرۆکێکە کە خودی چیرۆکەکە سەرجەم هەوایەک لە ڕوونکردنەوەکەی م. عەزیز درێژترە!

**دەی چوار:** بۆ وشەی «جەواڵ» داخودا ڕەخنەگر «بەنە خوری» لە چی پەیدا دەکات کە جەواڵی پێ بچنێت؟! دەفەرموێ «توورەکەی گەورەی لە خوری چنراو» هەڵەیە و «لە بەنە خوری» دروستە! وەک ئەوە وایە لە وەڵامی یەکێکدا کە دەپرسێت «ئەو کراسەت پەشمە؟» بڵێی «نەوەڵا تانوپۆکەی لە پەشم ڕێسراوە»!

**دوا وتە لەسەر فەرهەنگی زارەکیی موکریان – بەشی منداڵان:**

ئەدەبیاتی زارەکیی منداڵان ئەو حەقایەتانەن کە زۆربەیان لە زمان بەساڵاچووانەوە بۆ منداڵ دەگێڕدرانەوە. هەر لە زمان وانیشەوە وەرگیراون. دەکرا کاک سەڵاح فەرهەنگۆکی هەر بۆ دانەنێ. دەکرا م. عەزیز بە جێی خۆخەریککردن بە کلکی بابەتەکەوە، بە خودی بابەتەکەوە ماندوو بایە و وەک مامۆستایەکی دنیادیتەی کوردیزان و لە گوند و ناو ژیانی گونددا گووراو لەسەر گرینگایەتی ئەم پرۆژەیە و ڕۆڵ و پێگەی فۆلکلۆری کوردەواری لەسەر گەشەی بیر و زەینی منداڵی کورد، هەروەها خەسارەکانی داڕشتەی ئەم حەقایەتانە لەسەر پەروەردەی منداڵ دوابا. دەکرا لەسەر گەشەی زمان و چەندایەتی و چلۆنایەتی پشتەوانەبوونی فۆلکلۆر بۆ پاراستن و ڕاگوازتنی نەسلاونەسلی زمانی کوردی قسەی بەپێزی کردبا و هەر لەو خەرمانەشی بەڵگە هێناباوە. دەکرا گرینگایەتی ئەم کارە پیرۆزە لە بوارە جیاجیاکانەوە دەرخات بۆ دڵبەخەمانی وشە و زمان و فۆلکلۆری کوردی لە مەڵبەندە جیاجیاکانی کوردستان، بەڵکەم خەمێک لە زمان و لە فۆلکلۆر و لە وێژەی سەرزارانی پیران بخۆن و بەرلەوەی ئەو گەنجینانە بخرێنەوە سندووقی نەمان، یەکجاری دوڕ و گەوهەری ناو سەدەفی سینەیان بقۆزرێتەوە و بزرینگێتەوە و لە فەوتان قوتار کرێ و بکرێتە بەرگری خێزەرەی هێرشی زمانانی سەردەم بۆ سەر خەلە و خەرمانی کورد. لەم ناوەدا گەلێک هەوێنی لەم بابەتە هەن کە دەناڵێنن بۆ دڵبەخەمێک خۆیان لێ بە خاوەن کات.

**پێنج: فەرهەنگی زارەکیی موکریان (پیتەکان)**

بەشێکی دیکەی یادداشتەکەی ڕەخنەگر لەسەر پێنج بەرگی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» نووسراوە و دیارە بەرگی شەشەمی نەدیتووە کە بەتەنیا بەقەت دووان لە بەرگەکانی بەرلەخۆی دەبێ! وەک لە ڕەوتەکەیەوە دیارە ئەم فەرهەنگە پرۆژەیەکی درێژخایەنە کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تا وێستا شەش بەرگی بە پێی پیتەکان (تا دوایی پیتی خ) لێ بڵاو بووەتەوە و هەر درێژەی هەیە. شان بە شانی ئەم بەرگانەش فەرهەنگی «خوردوخۆراک» و «جلوبەرگ» و «ئەدەبیاتی ژنان»ی موکریان و کۆمەڵێک بەند و باوی فۆلکلۆری کوردیشی بە ناوی «کانی مرادان» ناوەناوە و بڵاو کردووەتەوە. هەرچی لێی دەڕوانی، ئەم پرۆژە مەزنە بە تاقە کەسێک کاری کران نییە و ئەگەر فەرهەنگنووس بە تەنیا باڵی شانی وەبەر داوە؛ ناچار دەبێ بە یەک کەس حسێب نەکرێ! هەر لە هەموو دنیادا فەرهەنگنووسین کارێکی تیمی و پرۆژەیەکی بێ پسانەوەی درێژخایەنە. پاش تەواو بوونی ڕواڵەتیش، بۆ زۆربەی فەرهەنگە بەبایەخەکان بنکە و نووسینگەی تایبەت دادەمەزرێ کە لەسەرڕا پێدا بێنەوە و هەڵوەژێردرێتەوە و لێی کەم و زیاد کرێ و هەڵەوپەڵەی لێ بسڕدرێتەوە و کەلێنانی پڕ کرێتەوە. بە هۆیەوەی کە ماکەکانی فەرهەنگی زارەکی لە شەپۆلی دەنگی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەناسە دەدات و قەت هیچ فەرهەنگێک وەپێش کۆمەڵگا ناکەوێت و قەت هیچ فەرهەنگنووسێکی چاوکراوە، هێندە ناشارەزا نییە بڵێ شارەزای خویا و پیواری زمانەکەمم و هەرچی هەیە پەیم پێ بردووە؛ کە وایە فەرهەنگنووس زۆر زوو لە لایەن کەسانی ناشارەزا بە بواری فەرهەنگنووسینەوە دەکەوێتە بەر پلاری تانە و تەشەر. هەر هێندە بەسە بە دووی کەچە وشەیەکدا بگەڕێن و تێیدا نەبێ! ئیتر با دوو خەشە وشەی نەبیستراو و دەقنەشکاویشیان لە کۆشی کات، پاشێوەی فلانە وشەی لەخۆ نەگرتووە؛ ئیدی کەڵکی بڕاوە!

فەرهەنگ باخچەیەکە ئەگەر چاوی لێ غافڵ کرێ و دوابەدوای پێی ڕانەگەی، هێور هێور زەرد هەڵدەگەڕێ و کەشی بەهارینی مەیلی خەزان دەکات. بۆ نموونە فەرهەنگی گەورەی «سخن» کە لە ئێران پێگەیەکی بەنرخی لە نێو فەرهەنگەکاندا هەیە، بەری ڕەنج و داهاتی تیمێکی ٦٨ کەسییە! (٤٦ نووسەر و ٢١ ویراستار و سەرویراستارێک). ئەو فەرهەنگە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆی هەشت بەرگی ئەستووردا بڵاو بووەوە.

پاش بڵاوبوونەوەشی دەستیان لێ بەر نەدا و بە گەلەکۆمەگی پێدا هاتنەوە، سەرلەنوێ هەڵیانپەرتاوت و تەقاندیانەوە و ساڵی ٢٠٠١ بەرگێکی پاشکۆیان لێ زیاد کرد بە ناوی «فرهنگ ژیل سخن» (واتە: پاشکۆی فەرهەنگی سوخەن) کە بە تاقی تەنیا نزیک ٦٠٠ لاپەڕەیە و لەخۆگری وشە داوەریوەکانی ناو هەشت بەرگەکەی پێشوو و ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی بەرێیە. (پێکی بگرن لەگەڵ هەژماری ئەو بەناو هەڵانەی ڕەخنەگر دۆزیونییەوە لە پێنج بەرگی فەرهەنگی زارەکیی موکریاندا!) ئێستاش کار لەسەر ئەو فەرهەنگە هەر نەپساوەتەوە. ئەوە ڕەوتی بەرێوجێی فەرهەنگنووسینە. ئایا کاک سەڵاح و لەشکرەکەی (!) ئەو بوارەیان بۆ ڕەخساوە و ئەو هەرەوەزەیان بۆ کراوە؟ ئایا هاتی ئەو هەلەیان هەیە دەست لە کاری مەیدانی بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی داڕژتنی بەرگەکانی داهاتوو بشۆن و بەجێی ئەوە بێن لەسەرڕا پێدا بێنەوە و هەڵەوپەڵەی بەرگەکانی بەرێ بسڕنەوە؟ یان خواخوایانە خوا دەستیان بدات و بەخت پشتیان تێ نەکات و هێزیان لە سستی نەدات و هەر ڕۆژێ هەڕنە لای دنیادیتەیەک و هەتا گەردەلوولی گەردوون تێکەوەی نەپێچاوە بەشێک لە ئاشتەبای دوڕ و گەوهەری لێ وەچنگ خەن. ئەوە پاکانە بۆ هەڵەکانی فەرهەنگی زارەکیی موکریان نییە؛، بەڵکو پێ لێنان لە حەقیقەتێکە کە حەق نییە لانی کەم پسپۆڕان و مامۆستایانی شارەزای ڕەنجێک کە پێویستە لە پێناو بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئاوەهادا بە گیان بکێشرێت، چاو بنووقێنن، بێ گومان لە کوردستانی پانوبەرین و خەمڵاو بە جۆراوجۆریی دابونەریت و ڕەوتی ژیان، تەنانەت جۆری کەشوهەوا و تێپەڕینی وەرزەکانی ساڵ و توێکڵ و کاکڵی زاراوە و وێژە و... کە بە سەتان ڕەنگ دەنوێنێت، کارکردن لەسەر زمان، بەو تەمایەی کە هەموو مەڵبەند و جوگرافیاکانی وڵات بگرێتەوە، دەستوپێ بەتاڵ بەگژ قوولەی ئێڤێرستدا چوونە، بۆیە فەرهەنگنووس بازنەی جوگرافیای پرۆژەکەی تەنگ کردووەتەوە سەر مەڵبەندێکی پڕ پیتوبەرەکەت و لەم ناوەشدا بە شێوازی مەیدانی پێدا هاتووە، گوندبوێری لێ نەکردووە و گەڕەکی شارانیشی تەقاندووەتەوە. بەم بەراییەوە دەچمە سەر وشە ئاماژەپێکراوەکانی ناو یادداشتەکەی مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش:

**یەکی پێنج:** م. عەزیز لە فەرهەنگێکی ٥٥٣ لاپەڕەییدا (بەرگی یەکەم) تەنیا و تەنیا یەک وشەی (ئاموور)ی دۆزیوەتەوە کە بە حیسابی ئەو دڵ لە پێناسەکەی ئاو ناخواتەوە! خۆ ناشێ بڵێین فەرهەنگێکی بەو قیللەتە ئەو تاقە مانا لێڵەی تێ کەوتووە و باقییەکەی گەردی لێ نەنیشتووە. ئەدی چۆنە مامۆستا دەستی لە خوێندنەوەی دوورودرێژ بەرداوە؟! بۆچی هەر قنیاتی بەو وشەیە کردووە کە بۆ قەزای ڕۆژگار ماناکەشی لە قەڵەمی فەرهەنگنووس نەدەڵاوە و لە قامووسی «زەبیحی» وەرگیراوە و ئاماژەشی پێ کراوە؟ کەڵم دەوێ لە لای زانای هەڵکەوتە «عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی» بکۆخێ؛ بۆیەش م. عەزیز ناڵێ پێناسەکەی هەڵەیە و هەر بە «دڵم لێی ئاو ناخواتەوە»یەک بڕیویەتەوە! هەر ئەوەندەی دەرگایەکی بۆ بکرێتەوە کە زانیارییە بەکەڵکەکانی خۆی، نەک هەر تەنیا لەسەر ئاموور، بەڵکو لەسەر سەرپاکی ئامرازەکانی جووتی بە گا تێ ڕژێنێتە ناو ئەم بەشەی یادداشتێکەوە کە بڕیارە مانای تاقە یەک وشە لە یەک کتێب ڕاست کاتەوە! پەنجەی تاوس جوان نییە، پەڕوباڵیشی دەڵێی بە دانستە لە بەحەشتێڕا بۆی چنراون و هێنراون؛ ئەی خۆزیا م. عەزیز، یان هەر خوێندەوارێکی تر دەست دەداتە ئەم فەرهەنگە تاوسینە، بەرلەوەی سۆمای چاوی لە لێڵاییەکی وردیلەدا نوقم کات و ئیتر لێڵایی ببینێ و بەس، بکەوێتە سەر سەیری حەشری ڕەنگان.

**شەش:** ڕەخنەگر کە دەچێتە سەر بەرگی دووەمی فەرهەنگی زارەکی (پیتی بێ) سەرلەنگۆرە تیرێک بە تاریکییەوە دەنێ و دەفەرموێ «بە بۆچوونی من نووسینەکانی زۆربەی لە جەنابی مامۆستا لەیلای وەرگرتووە، ئەگەر نا لە هێندە شوێندا وا بە زەقی نەدەکەوتە نێو چاڵی بێئاگاییەوە»! (ڕامان، ل:٨٧) لەگەڵ ڕێزم بۆ سەبووریی خاتوو لەیلای هاوژینی کاک سەڵاح، خۆ ئەگەر بەڕاستی زانیارییەکانی خاتوو لەیلا بە تاقی تەنیا بارتەقای حاسڵی چەندان ساڵ گونداوگوندکردن و دانیشتن لە سای زانیاریی پیرانی کاک سەڵاح بێت، بێشک دەبوو ئێستا بە دەردی م. عەزیز دەفەرموێ «پەیکەری ڕێزلێنانی لە شارەکەی خۆی بۆ دروست کرێت»! نەوەک لەسەر چەند هەڵەی ناو فەرهەنگێکی ٥٩٤ لاپەڕەیی تەنافی بۆ ڕایەڵ کرێ و ڕۆهێڵرێتە نێو چاڵی بێئاگاییەوە! مامۆستا بەو ڕیتمی ڕستەسازییەوە «بە بۆچوونی من نووسینەکانی زۆربەی لە

جەنابی مامۆستا لەیلای وەرگرتووە» ئیراد لە ڕستەکەی کاک سەلاحیش دەگرێ کە سپاسی هاوسەرەکەی کردووە! نازانم تا کەی قەڵەمبەدەستان و شتزانانی کورد خۆیان لە شـەڕەشـار و شـەڕەزاراوە و شـەڕەپارچان (باشـوور، ڕۆژهەڵات،...) تەریک ناخـەن و تا کـەی بەرلەوەی سووژن لە چاوی خۆیاندا ببینن، دەرزیلە لە چاوی یەکی دی ڕۆ دەکەن. یەکێک لە پیرۆزیبەکانی ئەو پرۆژەیەی فەرهەنگنووس ئەوەیە کە دەبێتە بەڵگە و جێگە هاوار و دادێک بۆ شـڕەی خۆ دەرهێنانەوە لە قـوڕی گـەرامـەری داسەپاوی زمانانی سەردەست. ئەگەر هیچ نا و تەنیا و تەنیا هەر لەم دەلاقەوە بخرێتە بەر مەددی نەزەر هێشتا لە قیمەت نایە، بە مەرجێک خۆبەهەمووشتزانانی کورد بە کاوەکاوی برینی خۆیان بزانن.

**یەکی شەش:** ڕەخنەگر بۆ وشەی «شەماڵ» دەفەرموێ «ئەو بایەی لە باشـوورەوە (قـیبلە)را دێ» هەڵەیە و بە پێی فـەرهەنگی خاڵ، شـەمـاڵ بایەکـە «لە لای ڕاستی قیبلەوە دێ»، لێشی زیاد دەکات «واتە بای خۆرئاوا»! هیچ مەعلووم نییە مامۆستا بۆ لای ڕاستی قیبلەکەی «خاڵ»ی بە خۆرئاوا داناوە؟ بڵێی شێخ محەممەدی خاڵ ئەوەندە نازیرەک بووبێ بە مـــەبەســـتی «خـــۆرئاوا» نووسیبێتی «لای ڕاستی قیبلە»؟! هەر ئەوە گریمان لای ڕاسـتی قـیبلە بوو بە خـۆرئاوا، خـۆ م. عـەزیز دەبوو سەرنجی دابا کە بایەکانی کوردستان بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیا، بگرە باوەڕی ناوچەکان دەگۆڕدرێن؛ ئەگەر لە هەولێر بای شەماڵ لە خۆرئاواوە هەڵدەکات، هیچ مەرج نییـە بگاتە مـوکـریانیش و هەر لە خۆرئاواوە داگەڕێت! ڕەخنەگـــر نسکۆیەکی دیشی بـردووە؛ دەڵێ ئەم دوو ڕستـەیە هەر یەکن: «بای شـەمـاڵ بایەکـە لە باشـوورەوە دێ» و «شەماڵ لە قیبلەوە دێ»! بەڵام ئەوەندی سەرنج نەداوە کە ڕستـەی دووەم لە بەشی «باوەڕ»دا نووسراوە و مەبەست لەو قیبلەیە هەمان ماڵەکەی خودایە! دەی ئەگەر ئەوە باوەڕی خـەڵکی مـوکـریان بێت، مـاڵی خـودا چلۆن بگوازینەوە خـۆرئاوا کـە بە حـیـسـابی م. عـەزیز بای شەماڵی لێوە دێت؟!

**دووی شەش:** ڕەخنەگـر بۆ وشـەی «باپشـکێـو» وەک ئیرادێک چەند وشەی هاوواتای زیاد کردووە کە نە تازەن و نە نەبیسـتـراو و لە زۆربەی فـەرهەنگەکاندا هاتوون. دەڵێم ئەگـەر جەنـابیـان سۆسەی ئەم وشانەشی کردبا کە ئەمـانەیش هاوواتای «باپشکێو»ن، بڵێی چ حەشرێکی پێ کـــردبا؟! بێـــتـــک، دیکلۆک، بـووکک، بـووک، زیتکەزەلام، زیتکەسلام، سیـتکەسـەران، قنچکەسلاو، قلینچکەسلام و...تاد.

**سێی شەش:** بۆ مـانـای وشـەی «برینگ» کـە بە هەڵەی لە قـەڵەم داوە و «جەو»ی لە جێ داناوە، هەمـیـسـان م. عـەزیز لەبیـری چووەتەوە کـە لە موکریان مـاڵاتی هەولێـر نابڕدرێتـەوە! ئەوە فـەرهەنگی زارەکـیی هەولێـر نییـە. باقـیی زانیـارییەکـانیشی لەسەر برینگ هیـچیـان نابنە بەڵگەی دابڕینی خەڵکی موکریان لە وشەی «برینگ» و تەکدانە لای وشەی «جەو»! کوردستانی بەخشندە یەکێک لە بەرەکـەتەکـانی هەر ئەوەیە کـە زمـان لە زاوزێی خـۆیدا دەیان پەلی هاویشـتـووە. لەوانەیە بۆ شـتـێک لە چوار شوێنان، چوار وشان هەبن کە هیچیان تای هیچیان نەبن و لـێک نەکـەن؛ کـتـکی سنە و پشـیـلەی بۆکـان(*) هەرتکیـان دەمـیـاوێن! ئەوانە شتن بە دوو نـاوەوە، بەڵام ناومـان هەیە بە چەند مـاناوە؛ «بۆڵ» لە مـەڵبـەندێک «دەنکی ترێ»یە و لە مەڵبەندێکی تر «تلکی ترێ» و لە لایەکی تر «هێشـوو»! سەیر ئەوەیە کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیە مەگەر بە هەڵلاجیکردن و ڕەگوڕیشە دۆزینەوەی ناوەکە دەست بدات، ئەویش بۆ بەدبەختی «بۆڵ» هەر سێ پیتە و دەرکەی هەڵلاجیکردنیشی کلۆمە! ئیتر م. عەزیز چ نەخشـەڕێـیەکی هەیە بۆ ئەوەی بەشێکی کوردسـتـان دەست لە بۆڵ بە واتای تلک هەڵگرێ و بێتـە سـەر دینی لایەکی تر، یان بەپێچەوانەوە، هەر خۆی و خوا دەزانن!

**چواری شـەش:** بۆ وشـەی «بزن»یش دیسـان چرگـەن و بەندەنەکـانی مـوکـریانی جێ هێشـتـووە و کـوورەگـەلی دەشتی هەولێری خۆشەویستی قوڵەپێچ کردووە و موکریان بگرە و هاتم! ئەو پێککگرتنەی مـامـۆسـتـا لە مـەعـبـەین بزنەگەلی موکریان و هەولێردا ئەگەر لە جێی خۆی و وەک وتارێکی لێکۆڵینەوەیی لە بابەت ئاژەڵانەوە بوایە و زۆر لەوەش بەربلاوتر و وردتری دارشـتـبـا، بێ گـومـان زۆر بەکەڵک و پێویست بوو، بەڵام «زانست دەبێ حورمەتی ڕاگـیـرێ و لە جـێی خـۆی نەترازێ» (٤)، زیاتری لێ نادوێم.

**پێنجی شـەش:** بۆ وشـــەی «بنە»ش دیســـان لە کوێسـتـانەکـانی موکریانەوە قـەڵەمبازی داوەتە دەشتی هەولێـــر و ڕاوچی تەراندووە و گـــای بنەی لە بنە پەستاوتووە! هاوپیتبوونی دوو وشە کوا دەبێتە بەڵگەی سـەلمێنەری یەک واتابوونیـان! بە سـەتان وشـەی لەم

بابەتەمان هەن کە مـانای جیـاواز هەڵدەگرن؛ ڕان (هەم سـەرووی ئەژنۆیە و هەم مـێگەلە مـاڵات)، تۆو (هەم دەنکی گوڵەبەڕۆژەیە و هەم شاوات)، گاز (هەم قەپاڵە و هەم هەرا)، خـاڵ (هەم خـوشکی دایکە و هەم نوقـتـەی سەر ڕوخسار) و...؛ ئەی «بنە» ئەگەر «حەشارگەی ڕاوچی»ش بوو و «ناوەڕاستی گـێـرە»ش بۆ دەبێ بە بیانووی دوولەتکردنی، زولفەقارەکەی عەلی لەسەر ڕاگرین هەتا هەر یەکیانی لێ بەخاوەن کەین؟!

**شەشی شەش:** وشەی «بەن»یشی هەتا دەشتی هەولێر بە دووی خۆدا ڕاکێشاوە!

**حەوتی شەش:** ڕەخنەگر وشەی «بەیار»ی لە «بوورە» هەڵاواردووە و ساڵێکی مەودا خزاندووەتە مابەینیانەوە؛ دەفەرموێ بەیار دووساڵ و بوورە ساڵێک نەکێڵراوە! بەداخەوە نەشیکوتووە لە کوێی کوردستان؟ لە موکریان هەر کەس بەو مانایەوە لە بوورە و بەیار بڕوانێ زۆر زوو لە لایەن بنکەی پاراستنی ژینگەوە لە کونەڕەش دەپەستێودرێ! چونکە لێرە کەس مافی نییە بوورە و بەیاران بکێڵێت.

**هەشتی شەش:** بۆ وشەی «بێعار» دەفەرموێ «بێشەرم» هەڵەیە و «چەتوون و هاروهاج و ملهوڕ» دروستە! بەڵام زۆر مومکینە پیاوێکی بێعار ملهوڕ نەبێ؛ ملهوڕ (مل + هوڕ، بە واتای ئەستوور) یان ملئەستوور ئاوەڵناوی پیاوی بەهێزی زۆردارە (بە جەستە، یان پلە و پارە). بێعار دەبێتە کەسێک کە لە کردنی کاری ناحەز و نەشیاو نەپرینگێتەوە، جا چ بە ملی باریکەوە و چ ئەستوور هەر بێعارییە! تەنانەت دەکرێ کابرای بێعار چەتوون و هاروهاجیش نەبێ؛ داوێنتەڕی ماڵانگەڕی شەوڕەویش هەر بێعارە و لەوانەشە زۆر هێدی و بە خشکە بخوشێ!

**حەوت:** م. عەزیز چەند لاپەڕەیەک لە ٤٤٠ لاپەڕەی بەرگی سێیەمی فەرهەنگی زارەکیی موکریان (پیتی پێ) هەڵدەداتەوە و چەند ئیرادێک دەگرێ:

**یەکی حەوت:** لە وشەی «پار»دا کەم سەرنجیان و نەدیتنی «وێرگولێک/ فاریزەیەک» مامۆستا عەزیزی هەڵەتە کردووە. فەرهەنگەکە دەڵێ «ساڵی پێش، ساڵی ڕابردوو»، مامۆستا دەفەرموێ ئەوە دەکاتە پێرارەکە! خاڵبەندی ڕازێنەرەوەی دەق و کلیلی دروستخوێندنەوەی مەتنە، دەبێ فێری بین.

**دووی حەوت:** بۆ «پاک لە پاک» دەفەرموێ «بێحیساب» دروست نییە و «هیچ لە هیچ» ڕاستە. (هەرتکیشیان لە فەرهەنگەکەدان). دواتر دەفەرموێ نووسەر پاک لە پاکی شی نەکردووەتەوە و دەکەوێتە شیکردنەوەی و دەفەرموێ ئەوە زۆرتر لە کایەی «کەللایانێ»دا دەگوترا، هەرچەند ئەگەر لە هەولێر هەر لە کەللایانێشدا گوترابێ ماناکە ناگۆڕێت، نازانم ئاخۆ بەڕاستی لە هەولێر ئەم دەستەوشەیە سندمی لە پێ خراوە و لە پاڵ کەللایانێ داندراوە، یان نا، بەڵام لە موکریان دەستەوشەیەکی گەڕۆکە و سەر بە ماڵی چەرچی و ڕاوچی و چۆدار و مامۆستا و... تاد دەکات، هەروەها لە مێشێن و دەستێن و گۆیێن و چی و چیشدا بەسەر زارانەوەیە.

**سێی حەوت:** وشەی «پشتەک»یشی بردووەتەوە پشت ماڵی هەولێر!

**چواری حەوت:** بۆ وشەی «پۆ» هەمیسان ڕەخنەگر سەرنجی نەداوەتە خاڵبەندی و هێمای «دژ»ی بەدی نەکردووە و «تان و ڕایەڵ»ی بە واتای پۆ داناوە! دوانەی تان و پۆ هێندە بە سەر زارانەوەیە، بە تایبەت لە جیهانی سیحراویی وێژەدا، کە کەم کەس هەیە گیری تێیاندا بێت، کەچی مامۆستا کردوونییەتە کلیلی کردنەوەی وردەباسێک بە ڕووی کتێبەکەی خۆیدا؛ «خورجەیەک». لە خوام تەڵبە تەمەن مەودای بدات و دەیان بەرهەمی بەپێزی دیکەی لێ بکەوێتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ خەنی بێت.

**پێنجی حەوت:** وشەی «هەپۆ» یەکێک لەو دەگمەن وشانەی نێو فەرهەنگەکەیە کە شانازیی ئەوەی پێ بڕاوە وێنەکەشی لە ژێرەوە دانرێت، کە کەرەستەیەکی دارینە. کەچی م. عەزیز بردوویە لە هەولێر ئاسناوی کردووە و دایناوە! لە حاڵێکدا ئەو وێنەیە نەکێشراوەتەوە و لە خودی کەرەستەکە هەڵگیراوە! ڕەخنەگر دەفەرموێ باوەڕ بەو کەرەستەیە مەکەن، من دەڵێم ئاسنە! (کابرایەک چوو بۆ لای مەلا نەسرەددین، کوتی ئەو کەرەتم بە ئەمانەت بدەیە شەغرەیەکی پێ دێنمەوە. مەلا کە دڵی پێوە نەبوو بیداتێ، کوتی لە ماڵ نییە. کابرا لە ڕۆیشتندا بوو، زەڕەی کەرەکە لە تەویلەوە هات! وەرسووڕاوە و چاوێکی ماناداری لە مەلا کرد. مەلا هەڵیدایە: یانی تۆ باوەڕ بەو کەرە دەکەی، باوەڕ بە من ناکەی؟!)

**شەشی حەوت:** ڕەخنەگر ئیراد لە دەمپانبوونی «پێمەڕە» دەگرێ و دەفەرموێ «دەمی باریکە و پان نییە»! (ڕامان، ل: ٩٠) دیارە باریکی و پانی دوو

ئەندازەی نیسبین و دەبێ بنەمایەکمان بێ بۆ وەی پانی و باریکی پێ دیاری بکەین، بەڵام بێچاوێنی بن کام پێمەڕەی ڕەقەڵ هەیە لەو موکریانە بایی ئەوەندە پانە کە لە ڕووت هەڵبێ بە دەمی پیشەکان و بژارچن بلێیی باریک!

**هەشت:** ڕەخنەگر دەگاتە بەرگی چوارەمی فەرهەنگی زارەکیی موکریان (پیتی تێ) و لەسەر چەند لاپەڕەیەک لە ٥٦٦ لاپەڕەی ئەو بەرگە لەنگەر دەگرێ:

**یەکی هەشت:** بۆ وشەی «تەرس» کە لە موکریان بە پیسایی ئەسپ و یەستر و ماین دەگوترێ و «تەرسەقول» بە هی گوێدرێژ، ڕەخنەگر تێبینییەکی نووسیوە، کە یارەببی وا بێت!

**دووی هەشت:** بۆ وشەی «دارتەون» ڕەخنەگر ئیراد لە هەژماری دارەکان دەگرێ و دەفەرموێ وەک نووسەر دەڵێ چوار دار نین و پێنجن! دواتر وەک فەرهەنگەکە دەیانبژێرێ و «دارگورد»، یان بە ناوی پێنجەمین دار لێ زیاد دەکا. ئەگەر م. عەزیز پەلەی نەکردبا و لە گرێ قامکێک خوارتری ڕوانیبا، لەوانە بوو بیانکاتە شەش دار! چونکە فەرهەنگنووس نەک هەر دارگوردیشی باس کردووە، بەڵکو باسی «پاشدار»یش دەکات کە دەکەوێتە پشت دارگورد، بەڵام دارگورد و پاشدار دوو دارن جودا لە چوارچێوەی سەرەکی دارتەون. لانی کەم لەو موکریانە وان کە «دەست و کەرکیتی کچی نازداری هەوشاری نەبا/ چۆن دەڕازاوە بە قاڵی شار و بازاڕی سنە! (هێمن موکریانی)»(٥)

**سێی هەشت:** بۆ وشەی «تێر» کە م. عەزیز وەک زانیارییەکی نوێ ئەوەی لێ زیاد کردووە گۆیا «کاتی خۆی بووک لە بریتی سەندووق لەگەڵ خۆی دەبرد و بارگە و بوخچەی خۆی تێ دەکرد»، ئەگەر سەرسەرەکیش بێ، چاوێکی بە نموونەکاندا خشاندبا وەبەرچاوی دەهات کە لە نموونەی سێیەمیندا ئەو زانیارییە دانراوە و نوێنراوە کە تێر هەر بۆ جوانی نەبووە، بەڵکو بارگە و بنەشی پێ گوێزراوەتەوە!؛ «چەند یەغدان و سندووق و تێر و جەواڵ لە خشڵ و خەملی دوڕ و یاقووت و ... دارماڵ بوون». (فەرهەنگ، بەرگی دووەم، ل: ٤٧٨) باقیی زانیارییەکانی بەجێن.

**چواری هەشت:** بۆ وشەی «جگ»یش وازی لە موکریان هێناوە و پێی پێوەناوەتەوە بۆ هەولێری دێرین، وەک بلێیی جگی موکریان لەوێ کار ناکات!

**پێنجی هەشت:** بۆ وشەی «چلە»ش هەمیسان ڕەخنەگر تاسەی بە ساڵ و مانگی دە کوێستانێ نەشکاوە و ڕووی ناوەتەوە گەرمێن. ڕەنگە ئەوانەی مامۆستا ئاماژەی پێ کردبن، هیچی هەڵە نەبن، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بە موکریانەوە نییە و ناکرێ چلەکانی موکریانی پێ بکرێ بە سی!

**نۆ:** ڕەخنەگر دەگاتە دوابەرگی لای خۆی، کە بەرگی پێنجەمی فەرهەنگی زارەکیی موکریان (پیتەکانی ح و خ)یە و چەند لاپەڕەیەک لە ٦١٠ لاپەڕەی ئەو بەرگە هەڵدەداتەوە:

**یەکی نۆ:** دەفەرموێ لە چەند شوێنان پیتی «ع» کراوە بە «ح» و چەند نموونەیەکیشی دۆزیوەتەوە و برووسکەئاسا بەسەریاندا تێپەڕیوە! ئەگەر ڕەخنەگر نەیکراوە لەوەندە زیاتر وردبێتەوە، ئەوە من بەڕە لەسەر «ع» و «ح»ییان هەڵدەدەمەوە و عەرزی دەکەم لە چەند شوێنان نییە و لە زۆر شوێنانە! فەرهەنگی زارەکی ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، نووسەر لە تۆمارکردنی قسەی خەڵکی لە چوارچێوەی ئەو کتێبەدا مافی ئەوەی نییە پیت و وشەیان لێ قت کات، یان بڕوا و بۆچوون و قسەی خۆی دە زاریان نێ. بۆ زانیاریی زێتری م. عەزیز دەڵێم بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی موکریان «ح» بە «ع» دەردەبڕن؛ ئەوە ڕەنگە گرینگترین بابەتی ئاماژەپێکراوی ناو ئەو یادداشتەی ڕەخنەگر بێت کە هەڵگری تۆژینەوەی زانستییە، بەڵام ئەو سووکەڵە لەنگەرێکیشی لەسەر نەگرتووە و وێناچێ هەر بەوەشی زانیبێت کە لە موکریان حەشیمەتێکی زۆر وا دەدوێن. وەک چۆن بە ئاشکرا «خ» و «غ» لە «باغ/خ»دا تەرازن و وەک چۆن «د» و «ت» لە «مهاباد/ت»دا پێک نامۆ نین، تەنانەت «ئـ» چەلی وایە بەرەو «ع» شان شل دەکات. ئەم بابەتە دەگمەن و نامۆ نییە و هەر تایبەت بە زمانی کوردیش نییە، فارسەکانیش «هـ» و «ح»، «ق» و «غ» لێک دەدەن، نەک هەر خەڵکی ڕەشۆکی و نەخوێندەواران، بەڵکو بلیمەتەکانیشیان. ئەوە بەرلەوەی هەڵە بێت، هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە و حەتمەن هۆیەکانی لە لای خاوەنڕایان ئاشکرایە. بلێیی م. عەزیز تا وێستا جارێک لە جاران هەستی بە بەیت و باو و بەند و حەیرانی موکریان زاخاو نەدرابێ و گوێچکەی بەو گۆڕانی پیتانە ئاشنا نەبووبێ؟ خۆ کۆکەرەوانی خۆیی و بیانیش نموونەیان زۆر بە دەستەوە داوە و ناشێ وێژەوانێکی کورد

چاوی پێ نەکەوتبێتن؛

**سوارێک هاتووە بە نادری**
**کەس نییە چەکانی لێ وەرگری**
**خان دەپرسێ ئەوهە کێیە؟**
**خان، ئەوە عەزرەتی خدری(٦)**

*****

**کێ بوو لە بیلالی عەبەشییە**
**بە فەرمانی خۆشەویستی ڕەببییە(٧)**

*****

**ئەتوو بە من نالێی قسەی ڕاستییە**
**کاری ئەنگۆ لە کن ئاغای خۆتان هەموو غەیانەتییە(٨)**

*****

**قیلەوقاج تیرئەندازی دەکرد و دەنگی غەدەنگ و سەدای بلێسەی گەروەشین دەبۆوە بڵاوە(٩)**

*****

**مامزبەگ پەیدا بوو، ئەو بوو گەورەی هەرکییان**
**سێسەت کەسی دەگەڵە، هەمووی عەبلە و هیچنەزان(١٠)**

*****

**عیشارەتیان کرد سەعید چۆتە سەنگەرێ**
**دەستێکی شیر و تیرە، دەستێک لەسەر خەنجەرێ(١١)**

م. عەزیز تەنانەت نەیکراوە پێشەکی فەرهەنگەکان وەخوێنێت، یان هەر وای دانەناوە پێویستی پێیان بێت، سەبارەت بە ڕەوتی کار و ئامانجی کارەکە وردیلە زانیارییەک دەست خات، دەنا بێ گومان نە ئەو، ئەو زەحمەتەی وەبەر خۆی دەنا کە چاو و جەستەی ماندوو کات و خۆ لە قەرەی هەڵدانەوەی چەندان جێگای ئەم فەرهەنگە هەڵبسوێت و نە ئەمنیش ناچار دەبووم وەک بەجێهێنانی ئەرکی خوێنەرەوەیەکی کورد، سەری باقیی خوێنەرەوانی هاوڕێم بهێشێنم؛ بۆخۆی دەفەرموێ «...ڕەنگە مامۆستا (کاک سەلاح) بۆخۆشی لە پێشەکییەکاندا ئاماژەی بۆ کردبێت، کەچی لەبەر زۆریان، چاو و جەستەم ماوەیان نەدام خۆم لە قەرەی خوێندنەوەیان هەڵبسووم»! (ڕامان، ل:٩٣)

**دووی نۆ:** ڕەخنەگر بۆ وشەی «خوێڕێز» و «خەرمانلۆغە»ش چووەتەوە دەشتاییەکانی هەولێر!

**دە:** م. عەزیز لە کۆتایی یادداشتەکەیدا باسی فەرهەنگەکەی خۆی دەکات کە بەداخەوە بۆی چاپ نەکراوە. هیوادارم ئەو فەرهەنگە تەواو نەفەوتابێ و ڕووناکی ببینێت. کوردستان بەو ڕەنگالەییبوونەوەی بووەتە بەحەشتی زمان و زاراوە و پێویستە خەم بۆ هەموو ناوچە و مەڵبەندەکان بخورێ و فەرهەنگی وشانی هیچ لایەک بە سووکی سەیر نەکرێ و سامان و گەنجینەی کورد بە دڵێکی فرەوانەوە بپارێزرێ، هەروەها دەفەرموێ «ئەگەر سێرەی دیدە و تەوژمی جەستەم لەبار بوونایە، ژمارەی لاپەڕەی نووسینەکان بێ گومان بارتەقای نەوەتی دەکرد». (ڕامان، ل:٩٣) وێڕای هیوای لەشساغیم بۆ م. عەزیز؛ دەبێ بڵێم پرۆژەی فەرهەنگی زارەکیی موکریان کە تا وێستا شەش بەرگی (پیتەکان) لێ بڵاو بووەتەوە و هەر بەدوویدا دێ، هەڵدەگرێ نەک نەوەت لاپەڕە، بەڵکو نەوەت وتاری تێروتەسەلی لەسەر بنووسرێ. ئەو خەرمانە هەوێنی سەدان وتار و یادداشت و ڕەخنە و ...تاد لەخۆ گرتووە. بەرەکەتدار بێ.

**پەراوێزەکان:**

**١- هەندێک لە وشە، بگرە ڕستەی مامۆستا عەزیزم تێچاندووەتەوە، خوێنەرەوەی ئاساییش، بە مەرجێک یادداشتەکەی م.عەزیزی خوێندبێتەوە، دەیانناسێتەوە.**

**٢- ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی منداڵان، بەرگی دووەم، سەلاح پایانیانی، پێش بار، بڵاوکەرەوە نووسەر، ل: ٣ و ٤؛ ٢٠١٣.**

**٣- ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان - بەشی منداڵان، بەرگی یەکەم، سەلاح پایانیانی، بڵاوکەرەوە نووسەر، ل: ٧٣؛ ٢٠١٣.**

**٤- قسە لە نابەجێ زایە مەکە، با زوڵمت لە زانست نەکردبێ! (قابووسنامە، عونسورولمەعالی کەیکاوسی کوڕی وەشمگیر، بڵاوکەرەوەی علمی و فرهنگی، ل ٥٢؛ تاران ١٣٨٢)**

**٥- تەونکردن تا ئەم دواییانەش سنعاتی بەرچاوی لادێیەکانی موکریان و بەتایبەت بەشی هەوشار بوو. فەڕشی هەوشار ناوبانگی نێودەوڵەتی هەیە.**

**٦- توحفەی موزەففەرییە، گردوکۆی ئوسکارمان، هێمن موکریانی (هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی)، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، ل: ١٤٣، هەولێر؛ ٢٠٠٦.**

**٧- توحفەی موزەففەرییە، ل: ٤٥٠.**

**٨- توحفەی موزەففەرییە، ل: ٢٨٣.**

**٩- گەنجینەی بەیتی کوردی، قادر فەتاحی قازی، دەزگای ئاراس، ل: ٤٦٠، هەولێر؛ ٢٠٠٧.**

**١٠- گەنجینەی بەیتی کوردی، ل: ٣٤٤.**

**١١- گەنجینەی بەیتی کوردی، ل: ٣٤٥.**